کومەله _ سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان ایران
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
Komala Party _ Iranian Kurdistan

**راگەیاندنی ژمارە ٣ی دەبیرخانەی کۆمەڵە دەربارەی:**

# ناڕەزایەتییەکانی شارەکانی کوردستان

خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی خەڵك لە شارەکانی کوردستانی ئێران‌و تێك هەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی ڕژیم دوێنێ‌شەوو ئەمڕۆش درێژەی کێشا. دوێنێ‌شەو لە پیرانشار سەرکوتگەرە ئینتیزامییەکان دەستیان دایە ئازارو ئەزیەتی خەڵك‌و، جەماوەری خەڵك لە بەرانبەریاندا وەستاونەتەوەو ژمارەیەك لە خەڵك‌و لە هێزەکانی ڕژیمیش بریندار بوون‌و ژمارەیەکی زۆریش لە لاوەکان گیراون. بەیانی ئەمڕۆ خەڵك لە بۆکان بۆ ناڕەزایەتیی دەربڕین بەرانبەر بە وەحشیگەریی ڕژیم‌و گرتنی خەڵك، گشت شاریان تەعتیل کرد. ئێوارەی  ئەمڕۆ لە شاری سەقزیش ناڕەزایەتیی ناوبەناوی خەڵك درێژەی کێشاو ئەرتەش‌و هێزی ئینتیزامی ژمارەیەکی زۆر لە لاوان‌و خەڵکیان گرتووەو هێرشیان کردووەتە سەر هەر چەشنە کۆبوونەوەیەکی چەند کەسی‌و لە کاتژمێر هەشتی دوانیوەڕۆوە هێڵی تەلەفوونیان پچڕاندووەو بە کردەوە حکومەتی نیزامییان دامەزراندووە. هەر وەها لە مەریواندا ژمارەیەکی زۆر لە لاوانیان گرتووەو لە دوانیوەڕۆی ئەمڕۆوە هێزێکی زۆریان هێناوەتە ناو شارو بە توندی گشت شار و شەقام‌و تەلەفوونی خەڵکی کونترۆڵ دەکەن‌و دەست دەکەن بە ئازارو ئەزیەتی خەڵکی شار. ئێمە لە راگەیاندنەکانی دواترماندا هەمووان لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵك‌و سەرکوتگەرییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ئاگادار دەکەینەوە.

**دەبیرخانەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**چوارشەممە ١٠ی مارسی ٢٠٠٤، ٢٠ی ڕەشەممەی ١٣٨٢**

www.komala.org

Email: Komala١٣٤٨@hotmail.com
Komala Office in Sulaimania:
Tel: (٠٠٤٤٧٠٤)٣١٢٤٧١١
Mobile: ٠٠٤٤٧٠٧٧٥٣٧٤٦٥